چین بە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕاگەیاند کە هیچ ڕێگەپێدانێک لەبارەی تایوانەوە ناکات

چین بە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئینتۆنی بلینکن ڕاگەیاند، "هیچ ڕێگەپێدانێک" لەبارەی تایوانەوە ناکات و جەختی لێوە کردەوە کە چین و ئەمریکا دەبێت لێنێوان "هەماهەنگی یان ناکێکیدا" هەبژێرن، ئەمەش لە میانەی کۆبوونەوەکەی بلینکن ڕۆژی دووشەممە لە پێکین لەگەڵ بەڕێوەبەری کاروباری دەرەوەی چین "وانگ ی" لە سەردانێکی دەگمەندا بە مەبەستی هەورکردنەوەی گرژییەکانی نێوان هەردوو وڵات هات.

وانگ ی بە بلینکنی ڕاگەیاند کە وڵاتەکەی "هیچ ڕێگەپێدانێک" لەگەڵ تایوان ناکات، لەلایەن خێیەوە کێنانەی CCTV ڕایگەیاند، "لەم ڕووەوە چین هیچ جێگایەکی نییە بە ڕێککەوتن یان ڕێگەپێدان" و پێویستە ئەمریکا ڕێز لە بنەمای چین بگرێت و ڕێز لە سەروەری و یەکپارچەیی خاکی چین بگرێت، هەروەها وانگ ی جەختی لێوە کردەوە کە پێویستە چین و واشنتن لێنێوان "دیالۆگ و ڕووبەڕووبوونەوە و هەماهەنگی و ناکێکیدا" هەبژێرن.

بلینکن، گەورەترین بەرپرسی ئەمریکا کە لە ماوەی نزیکەی پێنج ساڵدا سەردانی پێکینی پایتەخت چینی کرد، ڕۆژی یەکشەممە بە ماوەی حەوت کاتژمێر و نیو لەگەڵ هاوتا چینییەکەی چێن گانگ کۆبووەوە.

لە کۆتاییدا لایەنەکان ڕێککەوتن لەسەر پاراستنی پێوەندییەکان بە ڕێگریکردن لە هەر ناکێکیێک.